کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئورگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

Dec,22th ,2002 ١٣٨١/١٠/١ یەك شەممە ژمارە ١٢ دەورەی تازە

# ئەزموونەکانی ڕابردوو ، کوسپەکانی ئەمڕۆ و دیمەنی داهاتوو !

کاتێك قسە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو دەکەین ، دەبیّ ئەو شتەی بکەین بە ئەرکی سەرەکی خۆمان کە ڕوانین لە ڕابردوو وێنەیێکی روون لە ئەوەی کە لە جیّ بە جیّ کردنی سەرکەوتوو نەبووین ، وەك پەروەردەی بە کردەوەی جوولاّنەوە بخاتە بەر دەستمان . چالاّکی ئەمڕۆ ئێمە دەبیّ ئەو گرێیانەی لە بەر دەمی خۆی بکاتەوە کە لە دەورانی پێش دا ، جوولاّنەوەی لە ڕەوتی هەلّەکانی خۆی بیّ ئاکام هێشتووە . تێپەرین بە سەر ڕێگای دژواری ڕابردوو ، تەنیا بە مەرجێك هەنگاوێکی بە کردەوە لە ڕێگای سەرکەوتنی داهاتووە کە بە ئەزموون وەرگرتن لە شکستەکانی ڕابردوو و لە بەر چاو گرتنی هۆکارەکانی ئەوان بە شوێن ڕووداوەکان نەڕۆین و لە ئەخلاّق و لە کردەوەمان ، دووریان بکەین . کەلّك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو بە مەرجێك مومکینە کە بە دیدێکی روون ، کاری ڕێك و پێك و بەردەوام بۆ چارەسەری هەلّەکانی ڕابردوو هەنگاوی بە کردەوە هەلّگرین . لەوانەیە ئەحزاب ، و یان کەسایەتیەکان لە پلەی ڕێبەری جوولاّنەوەێك تووشی هەلّە بن ، کاتێك لە بەرانبەر دادڕەسی کۆمەلاّنی خەلّك کە باری ئەسلّی هەر شکستێك بە سەر شانی خۆیان ڕادەکێشن و لە شەڕ دژی دوژمنی چینایەتی ئەوانن کە ڕۆلّی سەرەکی دەبینن ، دادەنرێن ، کاتێك کە بە پێوانەی ئەزموون کردەوەی خۆیان هەلّدەسنگێنن ، ئەگەر لە چاککردنەوەی هەلەّکان تیّ نەکۆشن و ئەگەر لە چارەسەری ئەو کوسپانەی کە بە ئەزموونی مێژوویی شکستی هێناوە ، تیّ نەکۆشن ، نیشاندەری ویست و ئیرادەی کۆمەلانی خەلّکێك کە کۆلّەکەی ئەسلّی هەر جوولاّنەوەێکن،نین و جگە لە دووپات کردنەوەی ماندوو کەرەوەی ئەم ئەزموونانە شتێك ناکەن بڕوا بە فێربوون لە ئەزموونەکانی مێژوویی جگە لە هەنگاو هەلّگرتن لە بواری کردەوە ، هەلّناسنگێندرێت . ئەگەر هەولّدان بۆ نەهێشتنی ڕێشەکانی مێژوویی ئەم جوولاّنەوە دەبێتە هویّ ئەمەی کە لە ئەزموونەکانی ڕابردووی ئەو بیّ بەش بمێنین . پیّ داگرتنی بە ڕوالّەتیش لە سەر ئەم ئەزموونانە تەنیا لە کاری لێکدانەوەی ئەم ئەزموونانە و ون بوون لە شانازیەکانی ئەویش هەر وەك بیّ بەش بوون لە ئەزموونەکانی ڕابردووی جوولاّنەوەیە . ڕەوتی بە کردەوەی مێژووی خەباتی گەلی کورد بۆ دیاری کردنی چارەی خۆ نووسین ، لە هێلێکی دیاریکراو بەرەو پێش دەچێت و هیچ کات هیچ جوولاّنەوەێك لە ڕێگایێك کە ڕۆیشتووە و ئەزموونی لیّ وەرگرتووە بۆ جارێکیتر بە لاریّ ناچێت و ئالّترناتیوی خۆی لە پەروەردەکانی بە کردەوەی خۆی و تەنانەت بە تەحولّ کردنی ڕەنج و دژواری یەك جار زۆر دروست دەکات . دەبیّ بزانین ئەزموونەکان کامانەن و چوون بە کار دێن . ئاکامەکانی ئەم ئەزموونە پڕبایەخە ئەمڕۆ کامانەن و ئەرکەکانی ئێمە لە بەرانبەر ئەواندا چیە ، دەبیّ بزانین کە ئەزموون وەرگرتن و دووپات کردنەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو بەس نیە . بۆ بە کار هێنانی ئەزموونەکان دەبیّ هێزی پتەو و بە دوادا ڕەوی جوولاّنەوەی خەلّکی بیت .کاتێك کە پالّپشتی بە کۆمەلاّنی خەلّك لە ناو بچێت و یەکیەتی ناوخۆیی لە ریزی جوولاّنەوە تێك بدرێت ، پالّپشتی بە هۆکارەکانی دەرەوە گرێنگ دەبیّ . ئەگەر پالّپشتی بە هێزی خەلّك و بڕوا بە بیروڕا و ئیرادەی ئەوان لاواز بێت ، پێویستی مانەوە ، دەبێتە هویّ پالّپشتی بە هێزتر بە هێزەکانی دەرەوە . ئەزموون وەرگرتن دەبیّ لە پێوەند دانی ئەم دوو هۆکارە ببینین . بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو و بە کار هێنانی بە کردەوەی ئەوان لە ڕەوتی خەباتمان وەك هێزی پێشرەوی ویست و داخوازیەکانی شۆڕشگێرانەی کۆمەلاّنی خەلّك بۆ یەکگرتن و پتەو بوونی ریزەکانی جوولانەوە هەنگاوی جیددی و بە کردەوە هەلّگرین . بەلام مەرجی گرێنگ بۆ سەرکەوتن لە ئەرکی یەکیەتی و یەکگرتنی راستەقینە و پتەوی ریزەکانی جوولانەوە زانیاری قوول و بنەرەتیە لە هەل و مەرجی کۆمەلّگا ، هەل و مەرج و ئاستی پەرەسەندنی جوولاّنەوە ، ئاستی داخوازیە دیموکراتیك و رادیکالّەکانی خەلّك لە هەل و مەرجێکی دیاریکراو ، برنامەی تیئوری و پروگرامی بەکردەوەی هێزەکانە کە هەمووی ئەمانە لە پێوەند لە گەلّ هەل و مەرج و بارودۆخی ئابووری ، کۆمەلاّیەتی ، سیاسی و پەرەسەندنی هیزەکانی بەرهەم هێنەری کۆمەلّگا و پێوەندیەکانی بەرهەم هێنان و پێویستی گۆرانکاری لەواندا دیاری دەکریّ . بە بیّ لە بەر چاو گرتنی ئەم فاکتورانە و تەنیا بە لە بەر چاو گرتنی

←

بەشی دەیەمی بەرێوە بردنی بڕیارەکانی سەدەی ناوەڕاست

لاپەرەی ٢ ، ٣

ڕۆلّی ژنان لە بەرەو پێش بردنی جوولانەوە

لاپەرەی ٤

یادی قارەمانی خۆراگری هاوریّ سەفەر قارەمانی و شەهیدانی ڕێکخراو

لاپەرەی ٥

پەرە ساندنی ناکۆکیەکانی نێوان بالّەکانی دەسەلاّتدار . . .

لاپەرەی ٦

یادی ٤٤ەمین سالّرۆژی شۆرشی کوبا

لاپەرەی ٧

ئەزموونەکانی جوولانەوەی دانشجوویی

لاپەرەی ٨

ووشەی سیاسی

لاپەرەی ٩ ، ١٠

**کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**

ویست و ئارەزووی یەکگرتن و ئەویش بە نرخی چاوپۆشی لەو راستیانەی کە بوونی عەینیان هەیە ، بەبریکی کاغەزی پێك دێنین کە لە خەون و خەیاڵی خۆیدا نەك تەنیا رێبەری جوولانەوە دەکات بەڵکو توانای بەربەرەکانی هەیە لە گەڵ زۆر دوژمنی چینایەتی کە بە لە بەر چاوگرتنی ورد و قووڵی بەرژەوەندی و قازانجی چینایەتی خۆیان و لە سەر ئەساسی راستیەکانی کۆمەڵگا و بۆ شتێکی دیاریکراو واتە پاراستنی سیستەمی چەوسینەرانە ،ئێستا بە هەر سەرخانێکی سیاسی کە بێت ، خۆیان رێك خستوون . ئەگەر مەبەستی ئێمە ئەزموون وەرگرتن لە هەڵەکانی رابردووە ، دەبێ زەمینەکانی زۆر شکست لە ناو ریزەکانی جوولانەوە لە بەر چاو بگرین و بە وردی هەڵیان سەنگێنین . ئەگەر دووبەرەکی بووتە هۆی زۆر شکست لە رابردووی جوولانەوە ، دەتوانین بڵێن زۆر یەکگرتن و یەکیەتی نائوسولیش بووتە هۆی زەبری ئەساسی و کوشندە بۆ جوولانەوە و مەبەست لەو یەکگرتنانە تەنیا قازانج و بەرژەوەندی کاتی هەبووە و بەس و قازانج و بەرژەوەندی ئیستراتیژیکی جوولانەوە و بوونی رێکخراوی شۆرشگێر لە کاتێکی چارەنووس سازدا بووتە قوربانی هەڵوێستێکی هەڵە و نائوسولی . ئاسوی روون و دیار تەنیا لە تێ گەیشتنی قوول و بنەرەتی لە راستیەکانی کۆمەڵگا ، داخوازی جوولانەوە لە هەل و مەرجەکانی جۆر بە جۆر و هەڵوێستی روون و دروست و کاریگەر دەردەکەوێ و بەرەو سەرکەوتن رێنمائیمان دەکات .

**ئێمە کۆمۆنیستەکانی فیدائی چ لە ناوەوەی رێکخراو وچ لە دەرەوەی ئەو، هەموو کات لەسەر ئەم باسە گشتیە پێداگر بووین کە چۆن دەتوانرێت چوارچێوەی حیزب، بەرنامە و پەیرەوی ناوخویی، شێوەی کار، ئیستراتیژیەت ..و. بە پێکەوە هەڵسنگاندنی رەخنە گەرانە لە رابردووی ئالوزیەکان و شکستەکان و سەرکەوتنەکانی بزاڤی کرێکاری و خەباتی چینایەتی، سەر لە نوێ رێك بخەێن، لە سەر ئەم ئەساسە ئاوردانەوە لە رابردوو وەك چرای رێگای داهاتوو. بۆ راست بوون و بە ئاکام گەیشتنی هەر بەرنامە و هەنگاوێك بە پێویست دەزانین .**

# بەشی دەیەمی بەرێوەبردنی بڕیارکانی سەدەی ناوەراست

## قۆناخی دە ساڵەی سێهەم

دەورەی سێهەمی دە ساڵە، قۆناخی دیاریکراو بۆ مافیای ماڵی و ئایدولۆژی ئیسلامی دەبێ. بە سیاسەتەکانی ئابووری مافیای ماڵی ، بورورکراسی دەوڵەتی پێك هات. مافیای ماڵی بۆ پارێزگاری لە سامان و سەرمایەی بە دەست هاتوو، بە مەبەستی یاسایی کردنی تالان و دزی خۆی بە تەمای خولقاندنی بارودوخی گونجاو بۆ ئاشکرا کردنی سەرمایەکانی خۆیە. بە پاراستنی ئایدولۆژی ئیسلامی ، دروشمی کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری بەرز دەکاتەوە. مافیای ماڵی خوازیاری بە دەستەوە گرتنی ناوەند و بنیاتەکانی ئابووری و ئامرازە سەرەکیەکانی سیاسیە و لە گەڵ پلانی دانی سەنعەت و دامەزراوە ماڵیەکان بە بەشی تایبەتی و لایەنگری لە سەرمایەدادانانی دەرەوە ، داوای یارمەتی لە سەرمایەی جیهانی دەکات. پەرە بە بنیاتەکانی دەسەڵاتی حکومەتی دەدا و بە تەمای لە ناو بردنی پاشماوەی بنیاتەکانی بە رواڵەت خەڵکیە و یان بە شێوەیکی تەواو فورماڵیتەیان بکات. تاقمی مافیای ماڵی بازار ، خوازیاری بە دەستەوە گرتنی بازرگانی ناوخۆ و دەرەوەیە بە شێوەیکی تەواو و هەروەها لە ناوبردنی دەستێوەردانی دەوڵەت و بەرێوەبەرانی دەوڵەتی لە بواری بازرگانی و دابەش کردن و دەوڵەت وەك پشتیوانی خزمەتکاری خۆی و بە دانی بودجەکانی میللی و بە هێز کردنی هێزەکانی سەرکوتگەر خوازیاری لایەنگری ئەو لە قازانجەکانی خۆیانن. لە لایکی ترەوە لە گەڵ بە دەستەوە گرتنی سەنعەت ودامەزراوەکانی پەیوەندی دار بە سیاسەتەکانی جوراوجور ، ئامرازەکان و ئیمکاناتی تر لەخزمەتی بازاری دەوڵەتی دادەنێن و بەرەبەرە لە ناویان دەبەن . لە لایکی دیکەوە دژی تاقمی مافیایی بوروکراسی دەوڵەتی هەڵدەستن و بە ئاشکرا کردن دژی بەرێوەبەرانی دەوڵەتی و گەڵاڵە دارێژەرانی ئابووری ئابووری خوازیاری بەربەست کردنی رادە و دەسەڵاتی هێزی جێ بە جێ کەر. لە بەرانبەر دا مافیایی ماڵی بورورکرات کە هاشمی رەفسنجانی پشتیوانی دەکات ئامرازەکانی سەرەکی ئابووری دەوڵەتی بە دەستەوەیە و لە رێگای بەکار هێنانی بەرێوە بەرایەتی جێ بە جێ کردن ، تاقمی زۆر بە هێزیان پێك هێناوە.بە دارشتنی بریارنامەکانی جێ بە جێ کردن ، سیاسەتی دانی سەنعەتەکان بە بەشی تایبەتی بە قازانجی بەرێوەبەرانی دەوڵەتی و دامەزراندنی بازاری بورس، زەمینەیکی زۆر باش بۆ بە دەستەوە گرتنی سەنعەت و ئیمکاناتی دەوڵەتی لە لایەن ئەم تاقمە پێك دێنێ. لە گەڵ ناو نووسی و یاسایی بوونی ئەم کومپانیانە لە لایەن ئەم تاقمە و بە کەڵك وەرگرتن لە رانتەکانی دەوڵەتی و سپاردنی پروژەکانی لێکولینەوە و جێ بە جێ کردن بەم کومپانیانە ، بودجەکانی ئاوەدانکردنەوە و جێ بە جێ کردن دەدرێتە ئەم تاقمە. ئەم تاقمە خوازیاری بە هێز بوونی بەرێوەبەرانی دەوڵەتیە تاکو لەم رێگایە بتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات . و خوازیاری دانی دەسەڵاتی زۆرتر بە بەرێوەبەرانی دەوڵەتی.

باڵی خەتی ئیمامی بە رێکەوتن لە گەڵ مافیایی ماڵی بوروکراسی و سوار بە سەر نارەزایەتیەکانی کۆمەڵانی خەڵك ، بە دوای جێگایەکە بۆ خۆی لە هێزی جێ بە جێ کردن و یاسا دانان. ئەم تاقمە لاوازە لە مەترسی رووخانی رێژیم و بە دروشمی پاراستنی رێژیم، خوازیاری یەکیەتی هەموو باڵەکانە. ئەم تاقمە بە پاڵ دان بە نارەزایەتی خەڵکی و هێزەکانی جەستەی رێژیم رووی هێناوەتە سات و سەودا لە گەڵ باڵەکانی تر و توانی شوێنە سەرەکیەکان لە پێك هاتی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ و رۆلێکی ناتەواو ببینێ . ئەم باڵە توانی بە دروشمی کۆمەڵگای مەدەنی و وت و وێژی شارستانیەکان و ئازادی مەدەنی و رێزدانان بە یاسا، بیروبۆچوونی ناوخۆیی و دەرەوە بۆ لای خۆی راکێشێ و گرینگترین پروگرامەکانی رێژیم بە شێوەی خوارەوە بەیان بکات:

ئەلف _ بەردەوام بوونی سیاسەتی ئابووری رێژیم

ب_ سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندیەکان لە گەڵ جیهانی رۆژ ئاوا

پ_ ئەمنیەت و سەرکوتی نەیارانی رێژیم

**ئەلف _ بەردەوام بوونی سیاسەتی ئابووری رێژیم**

سیاسەتی سندووقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی ناسراو بە سیاسەتی ئابووری هاشمی رەفسنجانی لە سەرەوەی بەرنامەکانی جێ بە جێ کردنی دانرا. گەڵاڵە دارێژەران و بەرێوەبەرانی ئابووری کۆ کراو لە بانکی مەرکەزی و رێکخراوی بەرنامە و بودجە و وزارەتخانەکانی گرینگ دەسەڵاتدار بە سەر ئەم ناوەندانە وەلا نران. و بەرهەمی بەرنامەی داهاتووی هێزی بەرێوەبەر بە شێوەی خوارەوەیە.

١_ بەردەوام بوون و جێ بە جێ کردنی پرۆژەکانی نیوەکارە

پرۆژەکانی نیوەکارە لە سەنعەتی نەوت و گاز و ئاو تا رادەیێك لە سەری بەردەوام بوون. لە سەنعەتی نەوت و گاز پرۆژەکانی نوژەن کردن و چاککردنی بیرەکان و هێلەکانی گواستنەوە و پومپ خانەکان بە مەبەستی ناردن بۆ دەرەوە جێ بە جێ کرا. لە سەنعەتی ئاو پرۆژەکانی دروستکردنی سەد و چاککردن و دروستکردنی شەبەکەکانی ئاودێری و گەیاندنی ئاو بارودۆخێکی باشی نەبوو و هەرکام لە پلانەکان بە بێ لێکۆلینەوەی ئوسوڵی و بە مەبەستی قازانجەکانی تاکە کەی و باڵەکان جێ بە جێ دەکران. بە بوونی قەیرانەکانی بەرێوەبەرایەتی ، رێژیم نەیتوانی بەرنامەکان جێ بە جێ بکات. و زۆربەی پرۆژەکان بە تایبەت لە سەنعەتی ئاو نیوەکارە لێ گەران و بودجەیێکی زۆریان بە سەر خەڵکی ئێران داسەپاند. بێ توانایی لە کونترۆڵ و راهێنانی ئاو زەبرێکی قورس لە سەر چاوەکانی ئاوی وڵات کەوت و کشت و کاڵ و ژینگە کەوتە مەترسی لە ناو چوون.

٢_ کەم کردنی قەبارەی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئەو بە سەر ئابووری

بە پێك هاتی نوێی هێزی بەرێوەبەری و نە بوونی پروگرامی روون لە سەرمایە دانان و بە کار خستنی بەرهەم هێنان، بوروکراسی دەوڵەتی زۆر پەرەی ساند و بنیاتەکانی نوێ دامەزرا . ناونووسی و یاسایی بوونی کومپانیاکان لە لایەن بەرێوەبەرانی دەوڵەتی و پەرەسەندنی رانت خواردن،بودجەکانی ئاوەدانکردنەوە و لە سوورانی دەوڵەتیی خوارد. هێزی بەرێوەبەر بێ توانا لە کەم کردنەوەی قەبارەی فەرمانبەرانی دەوڵەت سەرە رای بوونی دژایەتیەکانی ناوخۆیی رێژیم ، بنیاتەکانی نوێ دامەزرا و بە زۆر بوونی ئەو بودجانەی کە بە بەرێوەبەرانی دەوڵەتی درابوو قەیرانی ماڵی زۆرتر پەرەی ساند. سەرەرای ئەوەی کە بوونی چەند بەرێوەبەراتی لە بواری کەرەستەو مەوادی ناردارو و هاتوو بە شێوەێکی نائاسایی بووە هۆی قەیرانی بێ سەرو بەرەیی لە بەرهەم هێنان و دابەش کردن و ئیفلاس و شکستی سەنعەت و دامەزراوەکان. بۆ دانەوەی قەرزەکانی دەرەوە و دابەزاندنی بایەخی کار بە داسەپاندی سیاسەتی دراوی دەرەوە، بایەخی دراوی میللی هێنایە نزمترین ئاستی خۆی لە ئاکام دا هێزی کرینی خەڵك دابەزی و قەیرانی بێکاری و ئیفلاسی و هەژاری هەموو کۆمەڵگای لە بەر گرت ، بە رویشتنە سەرەوەی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهانی بۆ جارێکی‌تر دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر سەرچاوەکانی ماڵی و ئابووری زیاد کرا.

٣_ ئەسپاردنی سەنعەتەکان و دامەزراوەکانی ماڵی بە بەشی تایبەتی

هێزی بەرێوەبەر بریارنامەکانی زۆری کە لە چوار چێوەی یاسای ئەساسی رێژیم نەبوو بە پەسەندنی مەجلیس گەیاند، لە هەندێك جاریش بە دەنگ نەدانی شوورای نیگابان رووبەروو بوو، و هەروەها هەندێك پەسەند کراوە و بریارنامەی لەم بوارە دەر کرد. توانی هەندێك لە ساعەتەکان لەم رێگایە بداتە دەستی بەرێوەبەران و بەشی تایبەتی و هەندێکیتریش بە نارەزایەتی کرێکاری روو بە روو بوو و بەشێك لە سەنعەتەکان لە رێگای بازاری بورس سپار درا. بەرێوەبەران بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتی ئەسپاردن ئەو سەنعەتانەی کە بەرپرسایەتی ئەوان لە دەستیان بوو تاکو سنووری شکست و داخستن بردن تاکو لەم رێگایە خاوەنی ئەوان بن. بێ پشتوانی سیستەمی بانکی وڵات بەکردەوە لە گەڵ شکست و ئیفلاسی تەواو رووبەروو بوون.لە لاێکی دیکەوە مافیای ماڵی توجاری خەریکی بە دەستەوە گرتنی سەنعەتەکان و بنیاتەکانی جۆر بە جۆر ژێر دەستی وەلایەتی فەقیح بوو.و بنیاتی موستەزعەفان (بێ بەشان) توانی پەرە بە دامەزراوەی ماڵی بنیاتی موستەزعەفان بدات لەم رێگایە ئاڵ و گۆر پێ کردنەکانی ماڵی بە دەستەوە بگرێ. بە هۆێ بەردەوام بوونی سیاسەتی ئەسپاردن ، دژایەتی و ناکوکیەکانی قوول باڵەکانی رێژیمی لە بەر گرتووە و هەرکامیان لە حاڵێکدا خەریکی بە دەستەوە گرتنی سەر چاوەکانن، خوازیاری بەشێکی زۆرترن. باڵی وەلایی و هاشمی لە گەڵ بە دەستەوە گرتنی سەرچاوەکانی ئەسڵی ، لە سەر سیاسەتی کەم کردنی قەبارەی دەوڵەت پێ دادەن و خوازیاری کەم بوونی دەسەڵاتی هێزی جێ بە جێ کەر بە سەر ئابووری وڵاتن. لە بەرانبەردا هەندێك لە بەشەکانی باڵی دووی جۆزەردان سەرەرای قبوول کردنی سیاسەتی ئابووری و ئەسپاردنی بەشێك لە ناوەندەکانی ئابووری بە بەرێوەبەرانی دەوڵەتی و بەشی تایبەتی، لە سەر کاری بەرێوەبەرایەتی دەوڵەتی بە سەر ئۆرگانەکانی ئابووری پێ دادەن و لە بەرانبەر کەم کردنەوەی قەبارەی دەوڵەت بەربەرەکانی دەکەن.

((بەشی یانزەهەم لە ژمارەی داهاتوو))



# ڕۆڵی ژنان لە بەرەو پێش بردنی جووڵانەوە

بێ گۆمان بەشداری ژنان لە خەبات بۆ وەدی هێنانی مافی چارە نووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان وەك یەکێك لە نیشانەکانی گرێنگی پەرەسەندن و بەرز بوونەوەی جوولانەوەیە لەم کاتەدا. گرێنگی ئەم بابەتە لەو کاتە دەردەکەوێ کە بەشداری چالاکانەی ژنان لە خەباتی بە کردەوە و ڕۆژانە لە خۆپیێشاندانەکانی سەر شەقامەکان، هێرش بۆ سەر دام و دەزگاکان و هێزەکانی سەرکوتگەر ، ببینین. ئەگەر جوولانەوەی نارەزایی ژنان نەتوانێ ڕەنگدانەوەی لە داخوازیەکانی دیاریکراوی سیاسی و کۆمەلایەتی و خەبات بۆ ئەوان بێت، تا ئەو کاتەی کە دیواری تەسکی بێ مافی، بچووك ژمێردن و ئیهانە بە سەر خەباتی داسەپا بێت ، و تا ئەو کاتەی کە ئەم بێ مافیە وەك شتیکی یاسایی و حەتمی لە لایەن ئەوان قبوول بکرێت ، ڕێگای پەرەسەندنی بەرەو ئاستەکانی بەرزتری خەبات ، بەرەو ئاستەکانی بەرزتر لە پێك هات و ڕێکخستن لەم کاتە و لە داهاتوو لە ژنانی زەحمەتکێش دادەخات ، و نیوێك لە کۆمەڵانی چالاك و خەباتگێری حەشیمەتی ئێران لە کار و چالاکی رادەوەستن. ئەوەی کە هەموو کاتێك لە پێ ڕاگەیاندنەکانی بورژوازی دووبات دەبێتەوە، وەعدو بەڵێنی یەکسانی مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان و پیاوان و ڕاستەقینە بوونی ئەم یەکسانیەیە. بەڵام چۆنیەتی وەدی هاتن ناوە ڕۆك و ڕێکخستن سەبارەت بە وەدی هاتنی ئەو لەو بابەتانەیە کە زۆر کەم باس و لێکۆلینەوەی لە سەر کراوە و لە کۆتایی دا ئاکامی نادیار بووە. داخوازیەکانی دێموکراتیك و شۆرشگێرانەی ئەمڕۆی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش کە هاوشان لە گەڵ پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ وەدی هاتنیان خەبات دەکەن ئامانجەکانی گشتی جوولانەوە پێك دێنێ . ئەو ئامانجانەی کە لە یەکەم قۆناخ دا لە خەباتی هاوبەش



دژی سیستەمی چەوسێنەرانی داسەپاو و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەدی دێت. بێ ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرمایە وە دەست هێنانی ئەم مافانە بۆ هیچ کرێکار و زەحمەتکیشێك مسۆگەر نابێت و بۆیە ژنانیش ناتوانن مافەکانی دێموکراتیکیان وە دەست بێنن. هەر چەند لە شوێنەکانی جۆر بە جۆر و بە پێ هەل و مەرجی تایبەتی ئەو شوێنانە لە بواری بوونی جۆرەکانی ستەم و چەوسانەوە وەك چەوسانەوەی چینایەتی ، میللی و... و یان تیکەڵاوێك لەم چەشنە چەوسانەوانە و پەیوەندیەکانی داسەپاوی سەر چاوە گرتوو لە بوونی جۆرەکانی چەوسانەوە هۆکار و کوسپی سەرەکی لە سەر ڕێگای ڕزگاری ژنانە بەڵام پەیوەندیەکانی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی داسەپاویش کوسپێکی گرێنگە لە سەر ڕێگای بەشداری چالاکانەی ژنان لە خەبات بۆ وەدی هێنانی مافەکانی دێموکراتیکی خۆیان. زنجیرەێکی لە هۆکارەکان وەك فەرهەنگی کۆن سەرچاوە گرتوو لە پەیوەندیەکانی کونی قەومی و عەشیرەتی، بووتە هۆی ئەوەی کە پێك هاتنی زنجیرە پەیوەندیەکانێك کە ژنان دەبێ بۆ ڕزگاری خۆیان پساندنی ئەم زنجیرە پەیوەندیە بکەن بە ئامانجی خێرای خۆیان. بوونی ئەم هۆکارانە کاریگەری زۆر خراپی هەیە لە سەر شوێن و جێگای کۆمەڵایەتی و ڕەوتی خەباتی ژنان . ژنان دەبێ بۆ لە ناو بردنی ئەم کۆسپانە لە شوێنی کار و ژیانیان دەست پێ بکەن. نەریتەکانی کۆن و ڕزیوێك وەك ئیزدەواجی زۆرە ملی و لە باشترین حاڵدا کە کۆمەڵگای دواکەوتوو قبوولی کردووە واتە ئیزدەواجی بە ڕواڵەت ئازاد و لە سەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازادانەی شەریکی ژیان کە ئەویش هەر لە ئەساسدا ئیزدەواجێکی زۆرە ملی و لە سەر ئەساسی بیر و بۆچوونی دواکەوتووانە و مەزهەبیە و هۆکاری ئەسلی قبوول کردنی ئاوا شێوەێکی ژیان لە لایەن ژنان بارودۆخی نالە ناری ژیانیان لە بواری ئابووری_ کۆمەڵایەتیە چ لە ناوخۆی کۆمەڵگا و چ لە ناوخۆی بنەماڵە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان لە مافە سەرتائیەکانیان بێ بەش بن و بۆیە ویستی و داخوازی ژنان بۆ بەشداری چالاکانە لە دیاریکردنی چارە نووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، پێویستی هەیە بە پساندنی زنجیرەکانی دەست و پێ گیری نەریتەکان کۆن و ڕزیو و پەیوەندیەکانی داسەپاوی سەر چاوە گرتوو لە وان .

بێ گۆمان سەرکەوتن لەم بوارە و وەدی هێنانی ئەم مافانە بە تەنیایی و بە بێ پشتیوانی بەشەکانی تێگەیشتووی کرێکاران و زەحمەتکێشانی پیاو مومکین نیە. دەبێ کۆمەڵانی بەشدار لە جووڵانەوە بەم ڕادە لە تێگەیشتنە بگەن کە وە دی هێنانی ئەم مافانە ڕۆلێکی گرێنگی لە پەرەسەندنی خەباتیان هەیە. نەریتەکانی پاشماوە لە فورماسیونەکانی کۆنی پیش لە سەرمایەداری و ریشە داکوتانی بیرو بۆ چوونی خورافی و مەزهەبی هەمووی دەبێتە هۆی ئەمەی کە پێشیل کردنی ئاشکرای مافی ژنان وەك شتێکی زۆر ئاسایی چاوێ لێ بکرێت و تەنانەت بەشێکی گەورە لە ژنان سەرەرای مەینەتی زۆر لەم بوارە لە سەر زەمینەی بیر و بروای خورافی و مەزهەبی و دواکەوتووانەی داسەپاو، خۆیانیان مەجبوور بە قبوول کردنی ئەوان کردوون. دەبێ خەباتی ژنان بۆ بەشداری لە پێك هاتەکانی خەڵکی و چالاکیەکانی کۆمەڵایەتی بە شێوەێکی بەربڵاو ڕێك بخرێت و هەموو کۆمەڵگا وەك ئەسلێك قبوولی بکەن. بە هێز کردنی هێز و توانای پوتانسیەڵی جوولانەوە بە بەشدارای چالاکانەی ژنان لە پێك هاتەکانی چینایەتی و خەبات دژی پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانەی داسەپاو و ڕێژیمی دواکەتووی لایەنگری ئەم پەیوەندیانە مسۆگەر دەبێ.



### به یاد اسوه مقاومت و ایستادگی ، رفیق صفر قهرمانی

### سرودی در سکوت

شب همچنان
ادامه شب بود
و رود نیز
- در دهلیز-
تلخ و
تیره و
تاریك
میگذشت
هوا :
هوای مکدر بود
و گل :
گل زنجیر

سکوت بود و
سیاهی
شکنجه بود و
شقاوت
و آن صدای صمیمی
که در خون خویشتن
می‌خواند :

- " منصور دار عشقم و دانم که عاقبت
بر پای دار می‌کشد این پایداریم "

سکوت بود و
سپیده
و شحنه‌های شریر
( که در خون و خاك می‌راندند )
آنك :
اسیر
( آرام و استوار )
آنك :
درخت تیر

و اینك :
شقایق سرخی
که در باغ صبح
می‌روید

---

**بەرز و بەرێز بێت ٦٤ەمین ساڵیادی شەهید بوونی کۆمۆنیستی مەزن ، بناغەدانەری ژیانی نوێ لە ئایدولۆژی ئێران ، بڵاوکەری مەزنی ماتریالیزمی دیالکتیك و سوسیالیزمی زانستی و ئەستێرەی گەشی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران ، دوکتور تەقی ئەرانی**

چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار

داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار



## لیستەی شەهیدانی رێکخراو لە مانگی بەفرانبار

بەهمەن ئابگەرمیان
فاتیمە نەهانی
هومایون پەریزاد
حەسەن نوروزی
ناسر تەوفیقیان
ئەکبەر مونەیەد
خاترە جەلایی
حەسەن مەحموودیان
فەقیرمحەمەد زەین ئەڵدینی
سیروس سپهری
سیروس قەسیری
فەتحوڵلا کەریمی
محەمەد کەماڵی
مەسروور فەرهەنگ
شاهروخ میساقی
خودا بەخش شاڵی
محەمەد رەزا ئەحمەدی
مەنیژە ئەشرەف زادە کرمانی
فاتیمە حەسەن پوور ئەسیل
بەهمەن رووحی ئاهەنگەران

**بگذار بذر تیر**
**بروید چون جنگلی**
**در آفتاب خون**

# پەرەساندنی ناكۆكیەكانی نێوان باڵەكانی دەسەڵاتدار، نیشانەی لاوازی ڕێژیم .

ئەم رۆژانە بە پەرەساندنی ناكۆكیەكانی نێوان باڵەكانی دەسەڵاتدار ، سەر كردەكانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ناتوانن بارودۆخی ئاڵۆز و خراپی رێژیم داپۆشن . هەموو سەركردەكانی قسە لە سەر بوونی ناكۆكیەكان دەكەن و ئاوا نیشان دەدەن كە گوایە ئەم ناكۆكیانە هۆی پێشكەوتنی كۆماری ئیسلامی و بناغەیكە بۆ دامەزراندنی كۆمەڵگای مەدەنی و كەش و هەوای كراوەی سیاسی . راستی ئەمەیە كە سەرەڕای هەوڵ و تەقەلای رەسمی سەركردەكانی كۆماری ئیسلامی بۆ ئاسایی نیشان دانی ناكۆكیەكانی ناوخۆیی دەسەلات ، بوونی باڵەكانی نیشانەی ئاڵوازی و خراپی هەرچی زۆرتری بارودۆخی دەسەڵاتە. بنەمای ئەم ناكۆكیانەی نەك لە سەر ئەساسی جیاوازی زەوق و سەلیقە و یان باس لە سەر ئەم یا ئەو بابەتی فیقهی ، یان بابەتێكی ئابووری یان سیاسی تایبەتی، بەڵكو داهاتووی ڕێژیمە. و هەركام لە باڵەكان لەم بارودۆخە خراپە دا تێدەكۆشن ناكو دەسەڵاتی سەرمایەداری دواكەوتووی ئێران لە قەیرانی پەرە ئەستێنەر و مەترسی لە ناوچوونی رزگار بكەن. زەبر و زەنگ و تیرور و ئیعدام و هەرەوە كردنەكان چ لە ئاتی ناوخۆی و چ لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی و خولقاندنی قەیرانەكانی جۆر بە جۆر هەموویان لە چوار چێوەی ئەم هەوڵ و تەقەلایانە دەتوانین هەڵسێنگێنین . كە نەك تەنیا نیشانەی ئەو پەری پەرەسەندنی ناكۆكیەكانە بەڵكو لە یەك تەرازانی هەرچی زۆرتری ڕیزەكانی ڕێژیم و هەوڵی مەرگ و ژیانە بۆ سەقامگیری دەسەڵاتی سەرمایەداری و رزگاری لە قەیرانی سیاسی_ كۆمەڵایەتی ، ئابووری كە سەر تا پێ لە بەر گرتووە. ئەگەر چی هەوڵ و تەقەلا بۆ سەقامگیری لانی كەم باڵێك لە باڵەكانی رێژیم و مل كەچ كردن لە بەرانبەر سیاسەتەكانی ئەو شتێكە كە پەیوەندی راستەو خۆی هەیە بە پێویستی بازاری ناوخۆیی و دەرەوە و پەیوەندنی ئەم دوو هۆكارە بە یەكەوە و كاردانەوەی قەیرانی پەرەئەستێنەری ئابووری _ سیاسی و كۆمەلایەتی لە سەر ئەم هۆكارانە. و هەروەها پەرەساندنی نارەزایەتی گشتی و جوولانەوەی رادیكاڵ و دیموكراتی كۆمەڵانی چەوساوەی وە زاڵ هاتوو لە كۆمەڵگای ئێران . بەلاّم شێوە و پەیوەندیەكانی تایبەتی بەرهەم هێنان هەرچەند لە كاتێكی دیاریكراو و ئەویش لە شێوەێكی دیاریكراو دەسەڵاتی زۆرتر لە بەرێوە بردنی سیاسەتەكانی بە باڵی پارێزەری قازانج و بەرژەوندی بورژوازی سەنعەتی دەدات. بەلاّم هەر بە ئەو هۆیەیش واتە شێوە و پەیوەندیەكانی تایبەتی بەرهەم هێنان ، بەشی زۆرتری لە دەسەڵات هەروا لە دەستی باڵی پارێزەری قازانج و بەرژەوەندی بورژوازی كۆن– بازار دەمێنێ ، و پاشەكشەكانی باڵی بورژوازی سەنعەتی لە بەرانبەر بازار سەلمێنەری ئەم راستیەیە كە فاكتوری ئەسلی ، تا ئەو كاتەی كە شۆرش و جوولانەوەی نارەزایی نەتوانی لە سەر بەرهەم هێنان ، خۆی رێك نجات ، لە دیاریكردنی سیاسەتەكانی بەرێوە بردنی كاروباری ئابووری و كۆمەلایەتی و سیاسی چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە پەیوەند لە گەڵ دەرەوە نەك ناكۆكی نێوان باڵەكان ، بەڵكو پێویستی بازاری ناوخۆیی و دەرەوە و پەیوەندیەكانی بەرهەم هێنانە. ئەوەی كە زۆر روونە پێویستی گۆڕانكاری لە ئاستی سەر خانی سیاسیە كە بتوانی سەرەڕای كونتڕولی بارودۆخی ئاڵوز هەل و مەرج بۆ بە هێز بوونی بورژوازی دەرووەی ئەم دەسەلاتە پێك بێنێ ، تاكو زەمینە بۆ سەرمایەدانانی ناوخۆیی و دەرەوە بە مەبەستی ڕا كردن لە قەیران خۆش بكات ، ئێستا بە پەرەساندنی قەیرانی سیاسی_كۆمەڵایەتی و ئابووری و هەروەها جوولانەوەی نارەزایەتی خەڵكی ، كەوتووتە دەستووری كاری وڵاتانی ئیمپریالیستی و بورژوازی بێ بەش لە دەسەلات. ئەگەر ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی و هەر دوو باڵی بەشدار لـەم دەسەڵاتە تەنانەت بتوانن سەرەڕای سەرخانی سیاسی و بە هێز بوونی باڵی لاواز بیر لە چارە سەر كردنی قەیرانی ناوخۆیی بكەن و خۆیان لە گەڵ ڕەوتی سەرمایەی جیهانی رێك بخەن. نەك ناتوانن خۆیان لەم قەیرانە رزگار بكەن بەڵكو پەرە بە نارەزایەتی گشتی دەدەن و لە كۆتایی دا كونترولی بارودۆخەكە لە دەستیان دەردەچێ ، چۆنكە بە لە بەر چاوگرتنی پێك هاتی دەسەلات و قازانج و بەرژەوەندی ئەو چین وتوێژانەی كە هەركام لە باڵەكانی بەشدار لە دەسەلات نوێنەری پاراستنی قازانج و بەرژەوندی ئەوان پروگرامێكی بە كردەوەیان بۆ جێ بە جێ كردنی ئەم گورانكاریە نیە. و ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی لە حالێكدا گیرودەی زۆر قەیرانی چارەسەر نەكراوە و ناتوانی چارەسەریان بكات چارەنووسێك جگە لە مەرگ و لە ناو چوونی نیە. بەلاّم لە ناوچوونی كۆناری ئیسلامی وەك سەرخانی سیاسی دەسەڵاتداری سەرمایەداری بەمانای لە ناو چوونی دەسەلاتی سەرمایەداری نیە و خەتەری دەسەلاتداری سەر لە نوێ سەرمایەداری و سەر لە نوێ بەرهەم هێنانی پەیوەندیەكانی چەوسێنەرانە تا ئەو كاتەی كە دەسەلاتی داسەپاو لە ئاكامی جوولانەوەی تێگەیشتووانە و بەردەوامی سەرانسەری و راپەرینی چەكدارانەی خەڵكی نەرووخێ و ئۆرگانەكانی شووڕایی خەڵكی دەسەلات و بەرێوەبەری كۆمەڵگا بە دەستەوە نەگرن، هەروەك خۆی دەمینێتەوە.

**خوێندكاران و قوتابیانی ئازادیخواز و شۆرشگێر خەبات و خۆراگری قارەمانانەی ئێوە بۆ وە دی هێنانی داخوازیەكانتان كە لە ئەساسدا داخوازی هەموو خەڵكی چەوساوەی ئێرانە،ئەو كاتەی بە تەواو هێز و توانای دێتە مەیدانەوە كە چێوەندی پتەوێكی لە گەڵ خەباتی سەرجەم كۆمەڵانی ژێر دەستە بێت و ئەویش مسوگەر نابێت جگە لەوەی كە خەباتی ئێوە بە شێوەیكی بەردەوام و لە كانالی ڕێكخراوی سەربەخۆ خۆتان بەرەو پێش بچێت .**

# یادی ٤٤ ەمین ساڵرۆژی شۆرشی کوبا و ئەزموونەکانی

## بەرێز بێت یەکەمی ژانویە (١١ی بەفرانبار) ٤٤ەمین ساڵرۆژی شۆرشی کوبا

رێکەوتی دەس پێ کردنی شەرکانی شۆرشگێرانەی کە بووە هۆی سەرکەوتنی شۆرشی کوبا ٢٦ی ژوئیەی ١٩٥٣ بوو و تەنیا لە مەودای ٦ سال پێشرەوی شۆرشگێری گەل توانی بە بیری خولقینەری خۆی هەل و مەرجی پێویست لە باری زەینی بۆ سەرکەوتنی شۆرش پێك بێنێ. و ئەمەیش مومکین نەبوو جگە لەوەی کە بە کاری بەردەوام و دانی مەیدانی بەر فراوان بە مرۆڤەکان بۆ روو خستنەوەی توانا و هێزی شاراوەیان بە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی گۆرانکاری ئەساسی لە شێوەی ژیان و بنیاتی کۆمەڵگا. بۆ ئەم مەبەستەیش دەبۆایە تێگەیشتن و عەقلیەتی مرۆڤەکان پەروەردە بکرێت و بار بێت و ئەم کارە قەد سەر ناگرێ تاکو ئەو کاتەی کە ئەم هەڵس و کەوتە لە ژیانی رۆژانەی ئەوان بەردەوام و هەمیشەیی نەکرێت. بزووتنەوەی کوبا و پێشرەوەی شۆرشگێری ئەو بە تێگەیشتنی ئەساسی لە پەروەردەکانی مارکسیزم_ لنینیزم توانی بە لە بەر چاوگرتنی هەل و مەرجی تایبەتی وڵاتی کوبا لە بواری ئابووری _ سیاسی _ کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وەك ئاڵقەیێکی لاواز و تەسك لە زنجیری ئەستووری ئیمپریالیستی ، خەباتی رزگاریدەری خۆی رێك بخات .

بزووتنەوەی کوبایش وەك هەموو بزووتنەوەکانی رزگاریدەری جیهان بۆ رووخاندنی رێژیمەکانی نوێ ئیستعماری فاکتورێك بوو کە پرۆسەی شۆرشی دەس پێ کرد و کردەوەی تێگەیشتووانەی بە ئەنجام گەیاند. یاساکانی شۆرشی کوبایش هەر وەك یاساکانی شۆرشەکانیتری جیهانی بوو و بە پێچەوانەی ئوسوڵی گشتی مارکسیستی نەبوو.تێگەیشتنی بەهەڵەی هندێك کەس لە مارکسیزم _ لنینیزم و لە بەر چاو نەگرتنی خولقێنەری و داهێنانی ئەو دەبێتە هۆی ئەوەی کە شۆرشی کوبا بە پێچەوانەی ئوسوڵی مارکسیزم _لینینیزم بزانین. ئەمەی کە گرینگە دەبێ بزانین ئەوەیە کە تێگەیشتنمان بێت لە شێوازەکانی خەبات و پەیدا بوونی شێوازەکانی نوێی خەبات لە هەل و مەرج و بارودۆخی جیاواز و بە پێ ئولگۆەکانی زەینی لە پێش دارشتراو بریار نەدەین، تاکو تووشی دژایەتی بێ چارەسەر نەبین و رووداوێکی وەك شۆرشی کوبا بە شێوەیکی نادروست تاریف نکەین. دوگماتیستەکان، شۆرشی کوبا نەك لە سەر ئەساسی پێدا چوونەوەی راستیەکانی عەینی ، بەڵکو لە سەر ئەساسی زەینیەت و ئولگۆەکانی لە پێش دارشتراوی خۆیان تاریف دەکەن. ئەوان قەد حازر نین قسە لە سەر تایبەتمەندیەکانی بەر چاوی شۆرشی کوبا بکەن .

راستی ئەمەیە کە شۆرشی کوبا بێ رێبەری حیزبی کۆمونیست و تەنیا بەرێبەری بزووتنەوەی ٢٦ی ژووئیە سەر کەوت. بەڵام ئەو نووسراوانەی کە رەخنەیان لە شۆرشی کوبا گرتووە و خەباتی چەکدارانەیان رەت کردووتەوە، بە دوو شێوەی نادروست شۆرشی کوبایان تاریف کردووتەوە: یەکێك ئەمەی کە شۆرشی کوبا هەر لە سەرتای دەس پێ کردنی وەك شۆرشێك وردە بۆرژوایی هەلدەسنگێنن و سرووشتیە کە هیچ شۆرشێکی وردە بورژوایی بە رێبەرایەتی وردە بورژوایی ناتوانی بگاتە شۆرشی سوسیالیستی و تێ پەرین بەرەو سوسیالیزم . و دووهەمین تاریفی نادروست ئیتوری رویزیونیستی رێگای پەرەسەندنی جگە لە سەرمایەداریە کە ئۆپورتۆنیستەکان بۆ تاریف کردنەوەی شۆرشی کوبا لێ کەڵك وەردەگرن و ئەویش بریتیە لەوەی کە گوایە زەخت و گوشاری ئیمپریالیزمی ئەمریکا بزووتنەوەی وردە بورژوایی رادیکاڵی کوبای ، کردە کۆمۆنیستی. هەر چەند کە ئەم شێوە بیر کردنەوەیە سەبارەت بە شۆرشی کوبا و یان هەر شۆرشێکیتر و ڕەوتی پەرەسەندنی شۆرش سەرچاوە لە فیکریەتی رویزیونیستی و نا مارکسیستی رێگای پەرەسەندنی جگە لە سەرمایەداری دەگرێ . لە هەل و مەرجێك شۆرشی کوبا دەستیٚ پێ کرد کە بەرز بوونەوەی شۆرشگێرانە لە کوبا هەبوو، جووڵانەوەی خەڵکی لە هەموو شوێنێك دەبیندرا ، وەزع و گوزەرانی کۆمەلانی خەڵك بە تایبەت لە لادیەکان لە بواری ئابووری زۆر خراپ بوو ، خەڵك ئامادە بوو بۆ هەڵگرتنی چەك و خەباتی چەکدارانە. بەڵام هەموو حیزب و لایەنەکانی ئۆپوزیسیون وەك حیزبی ئۆپورتونیستی سوسیالیستی خەڵك بۆ چەکدار کردنی خەڵك و دەس پێ کردنی خەباتی چەکدارانە دوو دڵ و بێ توانا بوو. ئەمە لە حالێکدا بوو کە بەرز بوونەوەی شۆرشگیرانە بە خێرایی بەرەو بارودۆخی شۆرشگێرانە بەرەو پێش دەرۆشت. و خێرا کردنی ئەم پروسەیە لە ئەستووی هێزی پێشرەوەی شۆرشگێر بوو . لە ئاوا هەڵ و مەرجێك ، گرووپێك لە شۆرشگێران توانیان بە پاڵپشتی بارودۆخی گونجاو و لانی کەمی ئەزموونی رێکخراوەیی و ئامادە بوونی خەڵکی ، لە رێگای پێ راگەیاندنی چەکدارانە، کۆمەڵانی خەڵك بە دەوری خەباتی چەکدارانە و لە شەرێکی خەڵکی بەسیج و رێکیان بخەن . لە شۆرشی کوبا شێوازەکانی خەبات بە کار هاتن و ئەگەر چی شێوازی سەرەکی خەبات تاکو قۆناخێك شەری پارتیزانی بوو ، بەڵام تەنیا پێ راگەیاندنی چەکدارانە و شەری پارتیزانی ، هەموو چالاکی شۆرشگێرەکان نەبوو . جگە لە چالاکیەکانی بزووتنەوەی ٢٦ی ژووئیە لە شارەکان ، ئامرازەکانی تر وەك بلاوکراوە و پاشان ئیزگەی رادیویی ڕۆڵی بەرچاویان لە بواری پێ راگەیاندن و بلاو کردنەوە دەبینی.

ئیستایش پاش ٤٤ ساڵ بە سەر سەرکەوتنی شۆرشی کوبا ، یادێك لە ئەم ووتەیەی گیڤارای مەزن بێ جێ نیە :

**کەسایەتی رۆڵی مەزنی رێکخستن و رێبەری دەبینێ ، ئەو کاتەی کە بەرزترین ئەخلاقیات و داخوازیەکانی خەڵك لە بەر بگرێ و لە رێگای پێشرەوی لا نەدات.**

# ئەزموونەکانی جووڵانەوەی دانشجوویی لە سێ ساڵی ڕابردوو تاکو ئێستا :

ئەگەر بڕوامان بەم قسەیە بێت کە " ڕابردوو چرای ڕێگای داهاتوویە " ئەو کاتە دەبێ لە هەر هەنگاوێك کە هەڵدەگرین خاڵەکانی بە هێز و لاوازی جووڵانەوە هەڵسنگێنین و لە دارشتنی بەرنامەی کردەوەی داهاتوومان لە بەر چاویان بگرین . و لە ئەزموونەکانمان بە کردەوە بە کاریان بهێنین .

ئەمەی کە سەبارەت بە بزووتنەوەی دانشجوویی لە بواری بە کار هێنانی ئەزموونەکانی ڕابردوو زۆر گرینگە ئەوەیە کە بە کار هێنانی ئەزموونەکانی ڕابردوو بە مەبەستی هەڵسنگاندنی سەربەخۆ لە جووڵانەوەی خۆیان بێت .

ئەمەیش مومکین نیە جگە لەوەی کە بە لە بەر چاو گرتنی خاڵەکانی خوارەوە ، هەڵەکانی ڕابردوو دووپات نەکەینەوە .

١ ـ دووری کردن لە باڵەکانی بەشدار لە دەسەلات : جووڵانەوەی دانشجوویی لە سێ ساڵی ڕأبردوو نیشانی دا کە ئەگەر جووڵانەوەکانی ئازادیخوازانە و سینفی و سیاسی سەر بە باڵەکانی بەشدار لە دەسەلات بێت ، دەبنە ئامرازی دەستی دەسەلاتداران بۆ شەڕی دەسەلات و وەرگرتنی ئیمتیاز لە یەکتر و لە کۆتاییدا شکستی جوولانەوە . بۆیە بزووتنەوەی دانشجوویی دەبێ سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و کەسان و پێك هاتەکانی سەر بە ڕێژیم و چینەکانی دواکەوتوو لە ریزەکانی خۆی وە دەر نێ .

٢ ـ دامەزراندنی پێك هاتەکانی سەربەخۆ : بە بێ پێك هات و ڕێکخراو ، هیچ یەکیەتی و بۆچوونێك سەر ناگرێ . دامەزراندنی پێك هاتی سەربەخۆ لە پێویستیەکانی جوولانەوەی بەرەو پێشی بزووتنەوەی دانشجوویە ، پێك هاتەکانی سەربەخۆ دەبێ دامەزرێن و بە تێکەڵ کردنی چالاکی ئاشکرا و نهێنی ، پەرەسەندن و بەردەوامی ئەو تەزمین بکەن .

٣ ـ بوونی پرۆگرامێکی روون : بە بێ پرۆگرام و داخوازیەکانی روون و دیاریکراو ، جوولانەوەکان لە سەر ئەساسی هەستن و بێ ئامانجن و لە کاتی ناسکدا و لە کاتەکانی خۆراگری ، هیچ کەسێك نازانێ بۆ چی و بۆ کێ دەبێ خۆراگر بێت و لە سەر خەباتی خۆی سوور بێت . و لەوانەیە بزووتنەوە لە نیوەی ڕێگادا لە لایەن دەسەلات و یان کەسانی سازشکاری سەر بە حکومەت لە ڕێگای دروستی خۆی بە لاری بچێت و تووشی شکست بێت . و گرینگترین ئاکامی زۆر خراپی ئەم شتە ، بێ هیوایی و دابەزینی ورەی خەباتگێری و هاوپشتیە کە بە دوای شکستی کاتی جوولانەوەی دوو ساڵی پێشی دانشجووەکان ، شاهیدی بووین .

٤ ـ دیاریکردنی درۆشمەکانی سینفی و سیاسی : دەبێ دروشمەکانی سینفی و سیاسی دیاری بکرێن و بە شێوەیێك هەڵیان بژێرین کە بریتی بێت لە داخوازیەکانی توێژەکانی‌تری خەڵك . پاشکشە لە هەڵوێست و داخوازیەکانی کرێکاران ز زەحمەتکێشان دەبێتە هۆی لاوازی بزووتنەوەی رادیکاڵ و بە دەستەوە گرتنی ڕێبەری جوولانەوە لە لایەن ڕێبەرانی ئەحزاب و تاقمەکانی مافیای دەسەلات و سامان . لە حاڵێکدا بزوتنەوەی دانشجوویی دەتوانێ بە دانی دروشمەکان و لایەنگری لە داخوازیەکانی کرێکاران ز زەحمەتکێشان ، خۆی بە هێز بکات .

٥ ـ بوونی ڕوانگەیێکی روون و چینایەتی نیسبەت بە ئالتوگرەکانی کۆمەلایەتی : بوونی ڕوانگەیێکی ئاوا و سەرنج دان بە هۆکارەکانی ئەسڵی ئابووری و قازانجەکانی چینایەتی نوێنەرانی سیاسی کۆمەڵگا وەك دەوڵەت ، باڵەکانی حکومەتی ، ئەحزاب و ڕێبەرانی سیاسی ، کە ئەوان مەجبوور بە دارشتنی بەرنامەکانی سیاسی و چالاکی بە کردەوە دەکات ، یەکێك لە گرینگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنە . دڵخۆش کردن بە قسەی ئەم ئاخووند و داوای لێبووردنی ئەو ئایەتوڵلا و یان ئەم ڕێبەری سیاسی و ئەو روشنبیری رەخنەگر ، هیچ موشکیلێك چارە سەر ناکات و دەبێتە هوێ سەر لێ شێواوی زۆرتر و نەبوونی شێوازی دروست و راستەقینە . بۆ دارشتنی ئیستراتێژی و تاکتیك و دروشمەکانی دروست ، دەبێ لە هێزەکانی سیاسی و هێزی ئابووری ئەوان تێ بگەین و سەرنجیان پێ بدەین و ڕەوتەکان دیاری بکەین . ئەگەر ئەم تێ گەیشتنە و روانگەمانە بێت ، ئەو کات تێ دەگەین کە نەك خاتەمی و باڵی دووی جۆزەردان و بە رواڵەت ریفورم خوازان ناتوانن لە گەڵ بزووتنەوەی دانشجوویی هاورێ بن ، بەڵکو هەموو روشنبیران و میللی ـ مەزهەبیەکان و ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی لایەنگری ئەم پرۆگرامانەیش ، پشت دەکەنە جوولانەوەی دانشجوویی و ناهێڵن تاکو جوولانەوەی دانشجوویی رادیکاڵ ببێتەی هۆکارێك بۆ پەرەساندنی خۆراگری و خەباتی کرێکاران ، زەحمەتکێشان و توێژەکانی‌تری کۆمەڵگا .

دانشجوویانی خەباتگێر ، هێزی سێهەمێك نیە ، ئێستا دوو هێزی بە تەواوی دژ بە یەك لە بەرانبەر یەکتر راوەستاون . توجار و سەرمایەدارەکان ( چ عەمامە دار و چ بێ عەمامە ) کە ئەمرۆ مافیای دەسەلات و سامانیان پێك هێناوە و بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان رەنگ دەگۆرن . ڕۆژێك لایەنگری شا دەکەن و ڕۆژێکی‌تر لایەنگری مەزهەب و وەلایەتی فەقیح و ڕۆژێکی دیکە ئەگەر پاراستنی هەمان قازانج و بەرژەوەندیانە پێویست بکات ، بێ مەزهەب و وەلایەت ، درێژە بە ستەم و چەوساندنەوە و تالانی خۆیان دەدەن .

و لە بەرەیێکی‌تر کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار و لادێ ، بێکاران و لاوان و هتد . . . . ن . بەرە یان هێزێکی سێهەم بوونی نیە . بەرەی دانشجوویانی رادیکاڵ و بە راستی دیموکرات هەمان بەرەی کارە و بەس . مێژووی چینەکانی دەوڵەمەند نیشانی داوە ، تەنانەت ئەو کاتەی کە بەشێك لە ئەوان لە بەر هۆیەکانی جۆر بە جۆر چوونەتە ریزی ئۆپۆزیسیون ، بەڵام هەرگیز لە خەباتی خۆیان بەردەوام نەبوون و

←

بەرهەمی گیان فیدا کردنەکانی خەڵکیان بە نرخێکی کەم فرۆشتون .

با ئەم ئەزموونانە لە بەر چاو بگرین و کەڵکیان لێ وەرگرین .

**ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی وەك گەورەترین پاڵپشتی سیستەمی سەرمایەداری دەسەلاتدار لە ئێران و سەرسختترین دوژمنی ئازادی چینی کرێکار، و دامەزرانی کۆماری فیدراتیوی شووڕایی بەجیگای ئەو، بەئەرکی خێرای خۆی دەزانێ.**

**کۆماری فیدراتیوی شووڕایی ئێران، کۆمەڵەی ئازاد و سوسیالیستی هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانە و هەموو دەسەلات لەوێ دەدرێتە دەستی خەڵکی پێك هاتوو لە شووراکانی شارو لادێ.**

**لەکۆماری فیدراتیوی شووڕایی ئێران، دەسەلات بەدەستی زۆرینەی خەڵك، واتە کرێکاران و زەحمەتکێشانە. دەوڵەتی شووڕایی ڕەنگدانەوەی عەینی ئیرادە و خواستی ئەوانە.**



# ووشەی سیاسی

## شۆرشی مەزنی سوسیالیستی ئۆکتوبەر

بریتیە لە یەکەمین شۆرشی سەرکەوتووانەی پرۆلێتەری کە ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی لە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەدی هێنا و دەسەلاتی کۆن و رزیوی جیهانی سەرمایەداری تێك شکاند و ڕووخاندی و جیهانی نوێی سوسیالیستیی بنیات نا . شۆرشی ئۆکتوبەر بۆ یەکەمین جار لە مێژوو دەسەلاتی چەوسێنەرانی ڕووخاند و بنەمای دامەزراندنی کۆمەڵگایێکی دوور لە چەوسانەوە و زوڵمی دارشت . بە هوێ وەدی هاتنی شۆرشی کۆمەڵایەتیە کە لە قۆناخێکی دیاریکراو لە پەرەسەندنی کۆمەڵگا ، دەورانێکی کۆن و ڕوو بە مەرگ جێگای خۆی بە دەورانێکی نوێ و پەرەئەستێنەر دەدات و شێوەی نوێی بەرهەم هێنان جێگای شێوەی کۆنی بەرهەم هێنان دەگرێ . تاکو دوو سەدەی ڕابردوو ئەم شۆرشانە ئەگەر چی ڕۆڵی پێشکەوتووانەی لە پەرەسەندنی کۆمەڵگا هەبوو و پێوەندیەکانی بەرهەم هێنانی پێشکەوتوتری نیسبەت بە ڕابردوو دادەمەزراند ، بەڵام لە هەر حاڵدا دەورانێکی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەساسی چەوسانەوە لە جێگای دەورەیێکی تر لە سەر هەر ئەو ئەساسە دادەمەزراند . دەرەبەگایەتی جێگای کۆیلایەتی دەگرت و سەرمایەداری جێگای دەرەبەگایەتی ، بەڵام لە هەمان حاڵدا ئەساسی چەوسانەوە لە سەر جێگای خۆی مایەوە و چەوساندنەوە و ستەم بنبڕ نەدەکرا . تەنیا تێ پەڕینی کۆمەڵگا بەرەو سوسیالیزم بوو کە دەتوانێ تەواوترین هەل و مەرج بۆ بوژانەوە و بەردەوامی هێزەکانی بەرهەم هێنەر فەراهەم بکات . ئامانجەکانی دێرینەی یەکسانی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە کردەوە وەدی بێنێ ، هەروەها چەوساندنەوەی مرۆڤــ بە دەستی مرۆڤــ لە ناو ببات و زەمینەیێکی بەربلاو بۆ بوژانەوەی کەسایەتی مرۆڤەکان ، فەرهەنگ و زانست و هونەر پێك دێنێ .

ئەمە قۆناخێکی لە ناوەرۆك دا نوێ و لە بواری چۆنیەتی بێ وێنە لە مێژووی مرۆڤایەتیە . شۆرشی مەزنی سوسیالیستی ئۆکتوبەر سەرەتای دەسپێکردنی ئەم قۆناخەیە . گرینگی جیهانگیر بوونی ئەو لەم خاڵە دایە . ئەم شۆرشە شێوازی نوێی لە چەوسانەوە لە جێگای شێوازێکیتر دانانا ، بەڵکو جەرەسی لە ناو بردنی هەر چەشنە چەوساندنەوەی لێدا . شۆرشی ئۆکتوبەر سەرەتای دەورانێکە کە ناوەرۆکی گرینگی ئەو تێ پەرین لە سەرمالیەداری بەرەو سوسیالیزمە ، دەورانی شەرِی دوو سیستەمی کۆمەڵایەتی دژ بە یەك ، دەورانی شۆرشەکانی سوسیالیستی و شۆرشەکانی ڕزگاریدەری میللی ، دەورانی لە ناو چوونی سەرمایەداری و ڕووخانی سیستەمی موستعمەرەیی ، دەورانی پەیوەست بوونی خەڵکانیتر بە ڕێگای سوسیالیزم ، دەورانی سەرکەوتنی سوسیالیزم لە ئاستی جیهانی . هەر بۆیە جێژنی شۆرشی ئۆکتوبەر جێژنی هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی جیهانە ، جێژنی هەموو مرۆڤایەتی پێشکەوتوویە . تەنیا ئەوانەی کە لینینیزمیان وەك قۆناخێکی نوێ لە پەرەسەندنی مارکسیزم و پەروەردەی جیهانگیری قبوول ناکەن و ئەویان وەك دیاردەیێکی تایبەت بە ڕووسیا و تایبەت بە کۆمەڵگای نێزیك بە یەك سەدەی پێشی ڕووسیا دەژمێرن ، گرینگی شۆرشی مەزنی سوسیالیستی ئۆکتوبەر تەنیا بە ڕووسیا بەربەست دەکەن و ڕۆڵی مەزنی مێژوویی و جیهانی ئەو قبوول ناکەن . ئاشکرایە کە شۆرشی مەزنی ئۆکتوبەر خوڵقێنەری هەموو سەرکەوتنەکانی سوسیالیزم لە یەکیەتی سۆڤیەت بوو . لە ئاکامی ئەم شۆرشەدا دەوڵەتی شێوازی نوێی سوسیالیستی و دێموکراسی شێوازی نوێ بۆ زەحمەتکێشان وەدی هات و حکومەتی کرێکاران و جووتیاران ، ئەو وڵاتەی لە چارە ڕەشی میللی ڕزگار کرد ، ئاشتی بۆ وڵات ، زەوی بۆ جووتیاران ، ئازادی بۆ زەحمەتکێشان و بەرانبەری و یەکسانی بۆ ژنان،ئازادی لە ستەمی میللی بۆ نەتەوەکان، ڕزگاری

لە گێر و گرفت و جیاوازی چینایەتی و ستەمی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان بە دیاری هێنا . شۆڕشی ئۆکتوبەر بنەمای ئابووری سیستەمی چەوساندنەوە و بێ عەدالەتی کۆمەڵایەتیی تێك شکاند . حکومەتی یەکیەتی سۆڤیەت سەنعەتەکان ، ڕێگاکانی ئاسن و ئامرازەکانیتری گواستنەوە و گەیاندن ، بانکەکان و زەوی ، میللی کرد . یانی کردەی ملکی گشتی . شۆڕشی ئۆکتوبەری سوسیالیستی بە ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت کە لە سەروەوی چینی کرێکار و نیزیکترین هاوپەیمانی واتە جووتیارانی زەحمەتکێش بوو ، ساز و جێ بە جێ کرا . ولادیمیر ئیلیچ لینین ، پەروەردەکەری وشیاری زەحمەتکێشانی جیهان ، ڕێبەر و بناغە دانەری حیزبی کۆمۆنیست و دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت لە بواری تیئوریك لە گەڵ پەرەپێدانی یاساکانی پەرەساندنی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە قۆناخی ئیمپریالیستی ، ئیمکانی سەرکەوتنی سوسیالیزمی تەنیا لە یەك وڵات سەلماند و لە بواری زانستیش هەموو کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ڕاستەوخۆ ڕێبەری کرد . چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی رووسیا ئەزموونێکی مەزنیان لە خەباتی خۆیان دژ بە سەڵتەنەتی تیزارەکان و دەسەڵاتی سەرمایەداران ، لە شۆڕشەکانی ۱۹۰۵ و فۆریەی ۱۹۱۷ هەبوو . پاش شۆڕشی فۆریە و ڕووخاندنی تیزاریزم لە وڵات لە تەنیشت دەوڵەتی کاتی ،دەسەڵاتێکیتر بە شێوەی شووراکانی نوێنەرانی کرێکاران و سەربازەکان پێك هاتبوو . حیزبی کۆمۆنیست ( کە لەو کاتەدا بە حیزبی بلشویکەکان ناسرا بوو ) بە ڕێبەری لینین چالاکی مەزنی بۆ ئاشکرا کردنی ناوەرۆکی دژی شۆڕشی دەوڵەتی کاتی و سیاسەتی تەسلیم خوازانەی منشویکەکان ڕێك خست . تزەکانی لینین ناسراو بە تزەکانی ئاوریل نەخشەی شەڕ بۆ تێ پەڕین لە شۆڕشی بورژوا- دێمۆکراتیکی فۆریە بە شۆڕشی سوسیالیستی بوو . پاش خۆپیشاندانەکانی مانگەکانی ئاوریل تا ژووئیە بە هۆی شێوازی توند و تیژی دژی شۆڕشی دەوڵەتی کاتی ، حیزبی کۆمۆنیست مەجبوور بوو کاری نهێنی بکات و لە ژێرەوە خەریکی سازکردنی ڕاپەڕینی چەکدارانە بوو . کۆنگرەی شەشەمی حیزب کە بە نهێنی لە پەتروگراد ( لینینگراد ) پێك هات ، ئەم شێوازەی پەسەند کرد . لە باروودۆخێکی شۆڕشگێڕانەی تایبەتی کە پێك هاتبوو لە حاڵێکدا کۆمەڵانی خەڵك پێوەندیان دەگرتە شێوازی بلشویکەکان و ڕاستی سیاسەت و دروشمەکانی ئەوان بە ئەزموون بۆیان دەردەکەوت ، لینین لە ناوەراستەکانی مانگی سیپتامبەر ، کات بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانە باش زانی . هەفتەی ئۆکتوبەر لینین بە نهێنی هاتە پایتەخت تاکو ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ ڕێبەری بکات . دەیەمی ئۆکتوبەر کۆبوونەوەی مێژوویی کومیتەی ناوەندی حیزب بەیاننامەی سەبارەت بە ڕاپەڕینیان پەسەند کرد . دوانزەی ئۆکتوبەر کومیتەی نیزامی شۆڕش بە سەروکایەتی لینین پێك هات کە بووە ناوەندی ڕاپەڕین . بەیانی ڕۆژی ٢٤ ی ئۆکتوبەر هێرشی دەوڵەتی کاتی بۆ سەر ناوەندەکانی بلشویکەکان دەستی پێ کرد . گاردەکانی سوور و سەربازەکانی شۆڕشگێڕ و کرێکارانی چەکدار هێرشەکەیان بەرپەرچ دایەوە . ڕاپەڕینی چەکدارانە دەستی پێ کرد . ڕۆژی ٢٥ ی ئۆکتوبەر هەموو بنکەکانی شەمەندەفەر و پۆستە و تلەگراف و دایرەکانی دەوڵەتی و وزارەتخانەکان و بانکەکان و سەرجەم شوێنە گرینگەکانی پایتەخت کەوتە دەستی شۆڕشگێڕان . لە شەوی هەمان ڕۆژدا کوشکی زستانی ، بنکەی حکومەتی کاتی کەوتە دەستی هێزەکانی شۆڕشگێر . ئێوارەی ٢٥ ی ئۆکتوبەر کۆنگرەی دووهەمی گشتی شووراکانی رووسیا کرایەوە و حکومەتی شووراکانیان ڕاگەیاند ) بە پێ ڕۆژمێری نوێ ڕۆژی ٢٥ ی ئۆکتوبەر بەرانبەرە لە گەڵ هەفتەمی نوامبەر ) . یەکەم دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت بە ناو شووراکانی کۆمیسەرەکانی خەڵك بە سەروکایەتی لینین دامەزرا . پەسەند کراوەکانی مێژوویی سەبارەت بە ئاشتی و زەوی لەم دانیشتنەدا پەسەند کرا . پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە پەتروگراد ، پاش شەڕەکانی توند دژی گاردەکانی سپی و هێزی دژی شۆڕش لە مەودای هەفتەیێك پاش ئەو لە مۆسکۆیش دەسەڵاتی شووراکان دامەزرا و تاکو مانگی فۆریەی ساڵی دواتر لە سەرانسەری وڵات پەرەی ساند . شۆڕشی ئۆکتوبەر ماشینی کۆنی دەوڵەتی چینەکانی چەوسێنەر تێك شکاند و دەوڵەتی شێوازی نوێی دامەزراند . بێ درەنگ جووتیاران بە خۆرایی زەوییان وەرگرت و خاوەن مڵکایەتی گەورەی دەرەبەگایەتی لە ناو چوو . هەموو قەرز و قستەکانی جووتیاران بەخشرا . شۆڕش مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان تاکو جیابوونەوە ڕاگەیاند و دابینێ کرد . شۆڕشی مەزنی سوسیالیستی ئۆکتوبەر خاوەن گرینگێکی جیهانی و مێژوویئە . ئەم شۆڕشە هەموو بینای سەرمایەداری جیهانی ، جیهانێك کە یەك پارچە لە ژێر ڕەکێفی ئیمپریالیزم بوو ، کردە دوو بەش و لە یەکێك لە وڵاتە گەورەکانی جیهان دیکتاتوری پرولەتاریای دامەزراند . بووە هۆی تێك و پێك چوونی سیستەمی موستعمرەیی ئیمپریالیزم و پەرەساندنی جووڵانەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ڕزگاریدەری میللی . شۆڕش دەستی دایە بنیات نانی سیستەمی نوێی سوسیالیستی .

ناو نیشانی ڕێکخراو لە سەر تۆری ئینتەرنێت :
www.fedayi.org
ناونیشانی پۆستی ئەلکترونیکی ڕێکخراو :
webmaster@fedayi.org
ناونیشانی پۆستی ئەلکترونیکی کومیتەی کوردستان :
Kurdistan@fedayi.org
ژمارەی فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو
0046317792571
بڵاو کراوەکانی کار کمونیستی ، جهان کمونیستی و ڕێگای گەل و هەروەها تازەترین ڕاگەیاندراوەکانی ڕێکخراو لە سایتی ڕێکخراو وەرگرن .

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**